وەزیری ناوخۆ ئامانجی ئۆپراسیۆنی بەتاوین لەبەغدای پایتەخت ئاشکرا دەکات

ئەمڕۆ شەمەو وەزیری ناوخۆ عەبدولئەمیر شمری ئامانجی ئۆپراسیۆنی بەتاوین لەبەغدای پایتەخت ئاشکراکرد و، جەختی لەسەر پێویستی پاراستنی ئاسایشی تەواو لە ناوچەی بەتاوین و بەردەوامبوون لە بەرنگاربوونەوەی تاوان بە شێوە جەراوجەرکانی کردەوە، جەختی لە گرنگی گیانەوەی ناوچەی بەتاوین کردەوە وەك هەوبەرێکی پایتەختی بەغدا، بەهۆی هەڵکەوتەی ستراتیژی و پگەی ئابووریەوە.

لە ئاگەیەندراوێکی وەزارەتی ناوخۆدا هاتووە : وەزیری ناوخۆ عەبدولئەمیر شمری، سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی کرد لە بارەگای کۆنترۆکردنی ئۆپراسیۆنەکان لە ناوچەی بەتاوین لە بەغدا، بەئامادەبوونی بریکاری وەزیران و بەڕێوبەرانی کار و سەرکردەکان و بریکاری شارەوانی بەغدا.

ئاماژەی بۆشکرد : کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە پێداچوونەوە بە ئەنجامی ئەو ئۆپراسیۆنە ئەمنییەی کە پێنجشەممەی ڕابردوو لەلایەن دەزگا و فەرمانگە تایبەتمەندەکانەوە لە وەزارەتی ناوخۆ دەستیپێکرد، هەروەها شیکردنەوەی داتاکانی، کە بە ئامانجی بەرزکردنەوەی ئاسایش و سەقامگیری لەناو ئەم ناوچەیەدا بە هاوبەشی هات لەگەڵ هەمەتەکی شارەوانی بە پشکشکردنی خزمەتگوزاری بە هاوڵاتیان و هەڵگرتنی سەرپێچیەکان بەتایبەت دوای کردنەوەی شەقامکانی ناوچەکە و گیانەوەی بەرژەوەندی و ژیان

بەیان.

وەزیری ناوخۆ جەختی لە پێویستی پاراستنی ئاسایشی تەواو لە ناوچەی بەتاوین و بەردەوامبوون لە بەرەنگاربوونەوەی تاوان بە شێوە جەراوجەرکانی و پاراستنی ئەو دەستکەوتە ئەمنییانەی کە لەم ئێپەراسیۆنە ئەمنییەدا بەدەست هاتوون کردەوە.

دووپاتیشی کردەوە : گرنگی گەانەوەی ناوچەی بەتاوین وەك هووبەری بەغدای پایتەخت، بەهێی هەکەوتەی ستراتیجی و پێگەی ئابووری و خێگرتنی زەر شونی گرنگ، لەوانەش هێتڵ و ئەوانی تر، و هاندانی ئەو ناوچەیە و بزووتنەوەی بازرگانی لەناو ئەم ناوچەیەدا.